# ترس لەنووسین.. شەرم لە بلاوکردنەوە

**ئیدریس عەلی**



ئێمە پێویستە لە کوێدا بترسین‌و شەرم لە چیی بکەین؟ لە راستیدا ترس بۆخۆی چییەو چیمان پێدەبەخشێت‌و چ زیانێکمان پێدەگەیەنێت؟ ئایا شەرم لەچییەوە سەرچاوەی گرتووەو بۆچی دەبێت ئێمە لەهەندێك حاڵەتی دیاریکراودا جۆرێك لەشەرممان لەلا درووست ببێت؟ ئاخر ترس‌و شەرم وەك دوو چەمکی لە تێگەیشتن‌و ناوەرۆکدا لێك جیاواز لە کوێدا پێکەوە دێن‌و وەك پێویستییەکی هەنوکەیی بۆ ئێمە سود مەند دەبن؟

ئەم ستوونە لێرەدا کاری ئەوە نییە وەڵامی ئەم پرسیارە گرنگانە بداتەوە چونکە نووسەرەکەی واتە ( من )،فرێ بەسەر ئەم جۆرە بابەتانەوە نییەو رەنگە ئەوە کاری کەسێکی پسپۆر بێت لەبواری دەرونشیکاریی مرۆڤدا..بەڵام من لە روانگەی تێگەیشتنی خۆمەوە قسەیەکی کورت لەسەر بوونی ترس و شەرم دەکەم لای نووسەر.

رەنگە هیچ بوارێك هێندەی نووسین پێویستی بەشەرم‌و ترس نەبێت.. شەرم لەنووسین‌و ترس لە بلاوکردنەوە زۆر جار شکۆو گەورەیی‌و حورمەتی نووسین لە شوێنی خۆیدا رادەگرێت یاخود دووری دەخاتەوە لە ئەتك کردن‌و ئابروو بردنی،ئەو نووسینانەی بێ ترس دەنووسرێن‌و بێشەرم بڵاو دەکرێنەوە جگە لە ئاست لاوازی‌و بێخەمی نووسەرەکانی لە بەرامبەر پرسە گرنگەکان‌و بەر پرسیارێتی لەبەرامبەر کۆمەڵگەو خودی ژیان‌و مرۆڤەکان چ شتێکی دیکە نین، کە بەبڕوای من ژمارەی ئەم جۆرە نووسینە بێشەرم‌و نووسەرە چاو نەترسانە بەرامبەر بەرپرسیارێتی و پرسە گرنگەکان زۆر لەو نووسەرە جدی‌و شەرمنانە زیاترن کە سڵ لە زۆربەی شتەکان دەکەنەوەو بەوریایی‌و بەرپرسیارێتییەوە تەماشتای نووسین دەکەن و هەمیشە بە گومانەوە تەماشای نووسینەکانی خۆیان دەکەن‌و خەمی گەورەی ژیانیان هەیە.

ترس لەنووسین ئەوە نییە کە لەهەموو ناعەدالەتی‌و ناهەمواریەکدا بێدەنگ بین‌و دەمی قەلەمەکانمان دا بخەین.. شەرم لەبڵاوکردنەوەش هەرگیز ئەوە نییە ئیتر هیچ کەناڵێکمان دەست نەکەوێت هەتا نووسین‌و بیروراکانی خۆمانی تێدا بڵاو بکەینەوە، ئەم حاڵەتە بۆ هەموو دونیا شیاو بێت، بۆ کوردستان نەشیاوە، چونکە هەموان شاهیدی ئەوەین دەیان کەناڵی وەك رۆژنامەو گۆڤار هەن کە ئامادەن خراپترین جۆری نووسینەکان بلاو بکەنەوە، بەڵکو مەبەست لەوترسەیە کە کەسێتی نووسەر لەناخی خۆیدا بەرامبەر بە خودی نووسینەکەو بیرو بۆچوونەکانی خۆی لەلای درووست دەبێت، مەبەستمان لەوترسەیە کە ئیدی خۆمان بە راستبێژی رەها نەزانین‌و پێمان وابێت ئەوەی لە دووتوێی ئەم نووسینەدا هاتۆتە بلاوکردنەوە تەواوی راستیەکانەو درووستترین بیرو رایە لەبەرامبەر شتەکاندا، چونکە وێنەی ئەم جۆرە نووسەرانە گەلێك زۆرن کە پێیان وایە بەنووسینێکی کرچوکاڵ‌و بێناوەرۆك‌و فکر، یاخود بە ستونێکی پڕ لەموجامەلە دەبنە نووسەرو ئیدی ئەرکی نووسین تەنها لەوەدا دەبیننەوە چەند وشەیەکی گونجاو لەدوای یەك ریز بکەن بەڵام بێمان..

بێناوەرۆك، بێمیتۆد، بێفكرو رۆشنبیریو بێئەوەی هەست بكەن كە ئایا ئەم نووسینە چ ئیزافەیەك دەداتە خوێنەر، چزانیاریەك رادەگەیەنێت كە پێشتر دركی پێنەكراوە؟
نووسەری جدی لەشەرمێكی بەردەوامدایەو دڵەراوكە سەرا پای داگیركردووە پێشمولیە خزمەتێكی زۆر بەنووسەر دەگەیەنێت، ئەم شەرمو دڵەراوكەیە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت كەلەشوێنێكدا نەكەوتبێتە هەڵەیكی گەورەوە، ئەم شەرمە وەهای لێدەكات بەردەوام لەگەرانو خوێندنەوەو متابەعەو تێرامانو بیركردنەوەدا بێت هەتا دەگاتە ئەو ئاستەی بروای تەوای لەلا درووست دەبێتو بە وریاییەوە بەشتەكانی خۆیدا دەچێتەوە.
جۆری ئەم نووسەرانە بەهەردوو لایەنەكەیەوە زیاتر لەنێو ئەدەبو شیعردا دەردەكەونو پاشان لەبواری رۆژنامەگەریشدا رەنگدەداتەوە، نووسەرمان هەیە شیعریش دەنووسێتو خوێندنەوە بۆ رۆمانی نەمریش دەكاتو لەسەر شارەوانیو نەبوونی سوتەمەنیش دەنووسێتو خۆشی بە پسپۆری بواری ئیسلامی سیاسی دەزانێت و نەقدی زۆریشی لەسەر دراما كوردیەكان هەیەو چ حسابێكیش بۆ زۆر نووسەرو ناوداری جیهانی ناكاتو رقیشی هەستێت كۆمەڵێك دەقی بیانی وەردەگێرێت.
منیشو زۆرێكیش دڵنیاین لەوەی كە بۆشی بڵاو دەكرێتەوە،زۆر خوێنەری سادەو ساویلكەش هەن بڕوای تەوای پێدەكەنو لە ریزی نووسەرە گەورەكاندا حسابی بۆ دەكەن، ئەمە نمونەی ئەو نەبوونی ترسەیە كە كەسێك بێسڵكردنەوە دەست دەبات بۆ زۆر بواری گەورەو خۆی تێدا دەكاتە پاڵەوان، بێشەرمیش لە بڵاوكردنەوەكەیدا دووبارە دەستی رادەكێشێت و هانی دەدات بۆ ئەوەی بەردەوام بێتو تەنانەت لەبابەتی فیمینزمیشدا بنووسێت.
بەلام خوێنەری جدیو چاوكراوەو وشیار لە پاش خوێندنەوەی هەر نووسینێك ئیتر لەهەر بوارێكدا بێت، تێدەگات لەوەی ئەم نووسینە خاوەنەكەی لە چ ئاستێكدایەو تاچەند حساب بۆ پرەنسیپەكانی نووسینو دەكاتو دواجار ئەو خوێنەرە وریایە لەرێگەی خوێندنەوەی نووسینەكەوە تێدەگات رێزی لێگیراوە یاخود ئیهانە كراوە، چونكە من بۆخۆم كاتێك نووسینێكی ئاست نزمو لاواز دەخوێنمەوە هەست دەكەم سوكایەوتیم پێكراوەن بەڵام بە پێچەوانەوە كاتێ نووسینێكی جدیو بەرپرسیار لەبەرامبەر پرسە گرنگەكان دەخوێنمەوە هەست دەكەم ئەو نووسەرە لە رێی نووسینەكەیەوە رێزی لێناوم بەوەی بابەتێكی پێبەخشیوم كە پڕیەتی لە فكر و زانیاریەك كە من پێشتر رەنگە نەمزانی بێت یاخود جێگەی بایەخم نەبێت.